گـۆڤـاری زانـكـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: https://doi.org/10.26750/zf9tvp32

ڕێــكەوتــی وەرگــرتــن: 10/05/2025
ڕێكەوتی پەسەندكردن: 14/08/2025
ڕێــكەوتی بڵاوكردنەوە: 29/10/2025

# چەند تەکنیکێکی پاشنوێخوازی لە ڕۆمانی (گۆڕەشار)ی سەید قادر هیدایەتیدا

**هاوکار محمد ڕەشید[1] - مەریوان عومەر دەوڵەت[2]**

hawkarmuhamad00@gmail.com - meriwan.hassan@univsul.edu.iq

۱+۲بەشی کوردی، فاکەڵتی زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە، کە بە ناونیشانی(چەند تەکنیکێکی پاشنوێخوازی لە ڕۆمانی (گۆڕەشار)ی سەید قادر هیدایەتیدا)یە، هەوڵێکە بۆ خوێندنەوەی ڕۆمانی گۆڕەشار لەژێر ڕۆشنایی تیۆرەکانی ڕەخنەی پاشنوێخوازیدا. بەو پێیەی، کە ناوەڕۆکی ئەم ڕۆمانە هەڵگری کۆمەڵێک چەمکی دیاری پاشنوێخوازییە، چونکە لە دیارترین بنەماکانی ئەم بزاڤە ڕەخنەیە بریتییە لە: (مینیماڵیزم، میتافیکشن، پاستج، دەقئاوێزان، تێکشکاندنی سەنتەر، لێڵی، فراگماتەیشن، پەراوێزخستنی گێڕانەوە گەورەکان، پارانویا ... هتد). لێرەوە ئەدەبیات دەبێتە تاقیگەیەک بۆ پراکتیزەکردنی بزاڤی ڕەخنەی پاشنوێخوازی, هەروەها مەیدانێکی گرنگی ئەزمونکردنی لێکەوتە جیاوازەکانی ئەم ڕەوتە ڕەخنەییە بوە، بۆیە ئەو بۆچونانە ڕەتدەکرێنەوە، کە وای دەبینن پاشنوێخوازی داهێنەری ڕەخنەی ئەدەبی بوە. ئەم تەکنیکی ئەم چەمکانەی پاشنوێخوازی لە توێژینەوەی کوردیدا زۆر بەدەگمەن بەدی دەکرێن، بۆیە لەسەر ئەم بابەتە توێژینەوەکەمان ئەنجامداوە. سودمان لە میتۆد و تیۆرەکانی پاشنوێخوازی بینیوە. ئامانجمانە هەریەک لەو بنەمایانە لە ڕۆمانی گۆڕەشاردا دەستنیشان بکەین.

**چەمکە کلیلییەکان:** پاشنوێخوازی، کەمینەخوازی(مینیماڵیزم)، گێڕانەوە لەناوگێڕانەوە (میتافیکشن)، (لێکدانی توخمەکان(پاستج)، دەقئاوێزان.

# Postmodern Concepts in the Novel 'Gorashar' by Saydqader Hidayeti

**Mariwan Omar Dawlat[1] - Hawkar muhamad Rasheed[2]**

[1]Kurdish Department, Faculty of Language and Humanities, Sulaimani University, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.

[2]Ministry of Education, General Directorate of Education of Raperin, Pishdar Education Directorate, Qaladze, Kurdistan Region, Iraq.

**Abstract**

This research, titled "Postmodern Concepts in the Novel 'Gorashar' by Saydqader Hidayeti," is an attempt to read the novel Gorashar under the light of postmodern critical theories. The content of this novel encompasses a collection of distinct postmodern foundations, as among the most prominent foundations of this critical movement are: minimalism, metafiction, pastiche, intertextuality, decentering, play, fragmentation, marginalization of grand narratives, paranoia, etc. From here, literature becomes a laboratory for practicing the postmodern critical movement, and has also become an important field for experimenting with the various effects of this critical trend. Therefore, those views that consider postmodernism as the creator of literary criticism are rejected. These postmodern concepts are rarely seen in Kurdish research, which is why we have conducted our research on this topic. We have benefited from the descriptive method under the light of postmodern theories. Our aim is to identify each of these foundations in the novel Gorashar. This research consists of an abstract, preface, two chapters, conclusion, and list of sources. Chapter One: Terms, concepts, definitions, and history of postmodernism. Chapter Two: concepts of postmodernism in the novel Gorashar.

**Keywords:** Postmodernism, Minimalism, Metafiction, Pastiche, Intertextuality .

## پێشەکی

لەپاش جەنگی دوەمی جیهان ڕەوتی فیکری و ئەدەبی گۆڕانکارییەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی. لەو ماوەیەدا و بە دیاریکراویش لەپاش ساڵانی شەستەکانەوە کۆمەڵێک میتۆد و تیۆری نوێ هاتنە ئاراوە، کە بەرهەمی کۆمەڵێک تیۆردانەر بون، ئەو خوێندنەوانەی، کە بۆ دەقە ئەدەبییەکان لەپێشتردا کرابون. خرانە ژێر پرسیار و گومانەوە، ئەم تیۆرە نوێیانە بەشێکیان لەژێر چەتری تیۆرە ڕەخنەییەکانی پاشنوێخوازیدا برەویان بە بەرنامەکەی خۆیاندا.

ڕۆمانی پاشنوێخوازی کۆمەڵێک بنەما و کۆنسێپتی تایبەت بەخۆی هەیە، کە جیای دەکاتەوە لە ڕۆمانی تەقلیدی و تەنانەت نوێخوازیش، لە گرنگترین بنەماکانی بریتین لە: (مینیماڵیزم، میتافیکشن، پاستج، دەقئاوێزان، تێکشکاندنی

سەنتەر، لێڵی، فراگماتەیشن، پەراوێزخستنی گێڕانەوە گەورەکان، پارانویا ... هتد). هەر یەک لەم بنەمایانە مەبەستێک لەپشت بەکارهێنانیانەوە هەیە، ئەویش هەڵوەشانەوە و تێکشکاندنی ناوەندێتی دەقی ڕۆمانەکەیە.

لە ڕەوتی مێژویی ڕۆماننوسی کوردیدا، چەندین ڕۆمان بەرهەم هاتون، کە بەشێک لەو بەنەمایانەی پاشنوێخوازی تێدا بەرجەستە دەبێت، بەڵام ناکرێت ئەوە نەگوترێت، کە ئاستی ڕۆمانی کوردی، تا ئێستا نەگەیشتوەتە ئەوەی بتوانرێت سەرجەم بنەماکانی پاشنوێخوازی تێدا بەرجەستە بکرێت، بەڵام ڕۆمانی (گۆڕەشار)ی سەیدقادر هێدایەتی تاڕادەیەکی زۆر توانیویەتی کۆنسێپتەکانی پاشنوێخوازی تێدا ببینرێتەوە، هاوکات کار ئاسانی بۆ خوێنەران تێدایە بتوانێت هەریەک لەو کۆنسێپتانە بە تێۆرییەکی دیاریکراوەوە گرێبدات و شیکردنەوەی بۆ بکرێت.

**هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە:** ڕەخنەی پاشنوێخوازی لە سەردەمی ئەمڕۆماندا جێگەی بایەخی نوسەرانە، بەڵام لە نێو توێژەران و ڕەخنەگرانی کورددا بە کەمی ئاوڕی لێدراوەتەوە، لەلایەکی دیکەشەوە کۆنسێپت و خەسڵەتیان تێکەڵکردوە، هەروەکو تەکنیکەکانی ڕۆمانی پاشنوێخوازییان بە کۆنسێپت و بنەمای ڕۆمانی پاشنوێخوازی داناوە، بۆیە ئێمە هەوڵمانداوە چەند تەکنیکێکی پاشنوێخوازی بەپێی تیۆرە ڕەخنەییەکانی پاشنوێخوازی بخەینە ژێر تیشکی توێژینەوە.

**میتۆدی توێژینەوەکە:** لەم توێژینەوەیەدا سودمان لە میتۆد و تێۆرەکانی پاشنوێخوازیدا بینیوە.

**کێشەی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدا ئەو کەموکورتیانە تاڕادەیەک پڕبکاتەوە، کە لەسەر ئەم بابەتە خراونەتەڕو.

**ئامانجی توێژینەوەکە:** ئامانجمان وایە هەریەکە لە تەکنیکەکانی پاشنوێخوازی بەپێی ڕەخنەی پاشنوێخوازی لە ڕۆمانی گۆڕەشاردا دەستنیشان بکەین.

**گرنگی توێژینەوەکە:** گرنگی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە، کە تاوەکو ئێستا لەنێو توێژینەوەی کوردیدا نەتوانراوە هەندێک لەو چەمکانەی، کە ئێمە خستومانەتەڕو بەشێوەیەکی زانستی و بەپێی تیۆر کاری لەسەر بکرێت .

**سنوری توێژینەوەکە:** بێگۆمان ئەمو توێژینەوەیەک پێویستی بە سنور و چوارچێوەیەک هەیە بۆئەوەی تێکەڵی و درێژدادڕی تێدا نەکرێت، بۆیە ئێمە هەوڵمانداوە بە پوختی هەریەک لەو کۆنسێپتانەی پاشنوێخوازی لە ڕۆمانی گۆڕەشاردا بەدی دەکرێت بیبانخەینە ڕو.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە لە پوختە و پێشەکی و دو بەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتوە:

بەشی یەکەم: زاراوە و چەمک و پێناسە و بنەماکانی پاشنوێخوازی.

بەشی دوەم: پراکتیزەی کارەکییە.

## بەشی یەکەم: زاراوە و چەمک و پێناسە و مێژویی پاشنوێخوازی

### ١_١ _زاراوەی پاشنوێخوازی.

لەگەڵ دەرکەوتنی هەر میتۆد و تیۆر و ڕەوتێکی ئەدەبی، فەلسەفی، سیاسی، کۆمەڵایەتی ... هتد، کۆمەڵێک زاراوەی جیاوازیش لەگەڵ خۆیاندا دەخەنە بەر باسوخواس، زاراوەی پاشنوێخوازیش لە چوارچێوەی ئەو گۆڕانکارییانەی لە جیهاندا هاتنە ئاراوە خۆی دەرخستوە و جێگەی مشتومڕێکی زۆری فەیلەسوفان و تیۆردانەران و ڕەخنەگران بوە. چەندین لێکدانەوە و خستنەڕوی جیاواز لە بارەی زاراوەی پاشنوێخوازییەوە بەرچاو دەکەون، زاراوەی ((پاشنوێخوازی (postmodernism)لە دو بەش پێکهاتوە، پۆست (post) بە واتای (پاش و پاشتر) و(modernism) ، کە لە (modo)ەوە داڕێژراوە، بەواتای (هەر ئێستا)دێت پێکهاتوە. ئاماژە بۆ ڕەوت، یان بوارێکی واتایی فراوان دەکات، کە لە

نیوەی دوەمی سەدەی بیستەم سەرەڕای هونەر لە ئاستە گشتییەکەیدا دۆخی گشتی مرۆڤایەتیی و کۆمەڵگای لە خۆدەگرت. ئەم ڕەوتە بەهێزە بە شێوەیەکی گشتی پشت ئەستورە بە تێۆری پاشبونیادگەریی و لە ڕاستیدا درێژەپێدەری نوێخوازی و قۆناغێکی نوێیە لە نوێخوازی))(هاجری، 1384: 219).

**کرۆیڤ(١٩٠٢_١٩٦٨)،** کاتێک شیکردنەوە بۆ فەلسەفەی هیگڵ(١٧٧٠_١٨٣١) دەکات لەپاڵ باسی نوێخوازیدا پێشگری(پاش) دەهێنێتە بەرباس و دەڵێت: ((نوێخوازی واتایەکی ڕون و ئاشکرای هەیە، کە بریتییە لە گۆڕانکاری و نوێکردنەوەی بەرهەمەکانی پێشتر، بەڵام پێشگری پاش (post) لێکدانەوەی جیاوازی بۆکراوە بە شێوەیەک، کە پاش (post) بۆ مێژو وەکو پاش مێژو(پۆست مێژو) بەکارهێنراوە. (ڕەئوف، ٢٠١٥: ١٣٨).

**ژان فرانسۆ لیوتارد(١٩٢٤_١٩٩٨)،** تیۆردانەری بواری دیاردەناسی فەڕەنسی بو، ناوێکی دیاری ئەو بیرمەندانە بو، کە کاریگەرییەکی زۆری هەبو لە ناساندن و شیکردنەوەی زاراوەی پاشنوێخوازیدا، لە وتارێکیدا لەبارەی (تێبینی لەسەر پێشگری پۆست(post )دا ڕای وایە: ((پێشگری پۆست وشەیەکە بەواتای گۆڕین، یان سەرکەوتنی ئاراستەیەکی نوێ بەسەر ئەوەی پێشوی خۆیدا))(مالباس، ٢٠١٢: ٦٩)، لیوتارد وەکو فەیلەسوفێکی پاشنوێخوازی لە دوای ئەم وتارەیەوە بیروباوەڕەکانی بون بە جێگەی سەرنج و تێبینی و توانی ((بەشێکی بەرفراوانی نوسەران و توێژەرانی بواری سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی بهێنێتە ناو بازنەکەیەوە، کە خودی خۆی پێشەوایەتی و سەرکردایەتی هەموانی دەکرد))(چارلس و ئەشلی، ٢٠١٦: ٦٧).

لەنێو ڕەخنەگرانی نوێدا زاراوەی پاشنوێخوازی بە دژی نوێخوازی پەسەندکراوە هەروەکو تیری **ئیگلتۆن(١٩٤٣_...)،** لە بەکارهێنانی زاراوەی پاشنوێخوازیدا ئەوە ڕەتدەکاتەوە، کە درێژە پێدەری نوێخوازی بێت و دەڵێت: ((زاراوەی Postmodernismئاماژەیە بۆ جۆرێک لە ڕۆشنبیری هاوچەرخ و نوێخواز ڕەتدەکاتەوە))(البحیری، ٢٠١٩: ٢٠_٢١). پێچەوانەی ئەم بۆچونەش لەنێو ڕەخنەگراندا دەبینرێت. **شهریار وقفی پور(١٩٧٧_... )،** شاعیر و نوسەر و ڕەخنەگری دیاری ئێرانی لە بارەی پێشگری(post)ەوە دەڵێت: ((ئەوەمان بەبیر دێنێتەوە، کە گفتوگۆکردن لەبارەی پاشنوێخوازییەوە برواهێنانە بەوەی، کە هێشتا نوێخوازی کۆتایی پێنەهاتوە و سەرەڕای هەمو قەیرانەکان تا ئێستاش بەزیندوی ماوەتەوە))(ڕەئوف،٢٠١١: ٤٨).

بۆچونەکان سەبارەت بە زاراوەی نوێخوازی و پاشنوێخوازی ئاراستەی جیاوازیان وەرگرتوە، بۆیە ئێمە ڕامان وایە، کە خودی زاراوەکە پێچەوانەی نوێخوازییە و بە واتای ڕەتکردنەوەی هەمو ئەو بنەما باوانەیە، کە لە خودی نوێخوازیدا هەن.

### ١_٢ _چەمکی پاشنوێخوازی

چەمکی پاشنوێخوازی، چەمکێکی فراوانە و دەلالەت و واتای جیاوازی هەیە، بۆیە لە بوارە جیاوازەکاندا بەپێی کار و بەرنامەی بزاوتەکان واتاکەی گۆڕانی بەسەردا هاتوە، هەر بوارێک بە تایبەتمەندی خۆی چوارچێوەی واتاکەی دیاریدەکات. ((پاشنوێخوازی ناونیشانێکی گونجاوە بۆ کۆمەڵێك لە بەها و تێڕوانین و باوەڕ و هەست بەرامبەر ئەو شتەی دەبێت ناوی لێبنێین ژیانکردن لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم)) (رابینسۆن،١٣٩٣: 31).

پاشنوێخوازی چەمکێکە بۆ پەسەندکردنی هەندێک دیدگا و تێڕوانین لە بوارگەلێکی وەکو ((فەلسەفە و زانست و مەعریفە و سیاسەت و ئەدەبیات و هونەر، بەتایبەتی هونەری بیناسازی، کە خاڵی هاوبەشی هەمو ئەمانە کاردانەوەیە بەرامبەر قەیرانەکانی نوێخوازی و ڕەخنەگرتن لە ئامانج و تیۆرە باڵاکان))(بیات، ١٣٨٦: ١٠١).

(آلن هاو) لەکتێبی تیۆری ڕەخنەیی(النظریه النقدیه)پێی وایە:((چەمکی پاشنوێخوازی چەمکێکی فراوان و لێڵ و نارِونە، ئاماژەیە بۆ ئەو گۆڕانکارییە ڕۆشنبیرییانەی، کە لە سەدەی بیستدا لە هونەر و بیناسازی و ئەدەب و مۆسیقا و سینەمادا لە پاشبونیادگەری (پۆست ستراکچەریزم)ڕویانداوە و ئاوڕ لە نا ئامادەیی جێگیری واتای شتەکان دەداتەوە. بەڵام لە زانستی کۆمەڵناسیدا پاشنوێخوازی ورد دەبێتەوە لەسەر مۆسیقا و بازاڕیکردن و سینەما و جۆری ڕەگەز، پاشنوێخوازی شەرعییەتی پێشبینییە نوێخوازەکان(مۆدێرنیزمەکان) دەربارەی ڕاستی و عەقڵ و پێشکەوتن ڕەتدەکاتەوە، پێی وایە نوێخوازیگەلێکی ڕۆژئاواییین))(هاو، ٢٠١٠: ٢١١).

لۆژیکی پاشنوێخوازی لەبنەڕەتدا لۆژیکی ڕەتکردنەوەیە نەك سەلماندن، واتە شۆرش دژ بە تۆتالیتاریەت عەقڵی ڕۆشنگەریی و ئەفکار و هەرجۆرە حاکمیەتی ڕەهای ((بنەما و پێوەرە جێگیر و گشتییەکان. ئەگەرچی پاشنوێخوازی پشتی کردە عەقڵی نوێخواز، بەڵام ڕوگەیەکی دیاریکراوی نییە))(هاجری،1380: ٦)، ئەوەی چەمکی پاشنوێخوازی نارِون و لێڵتر دەکات، ئەوەیە، کە پاشنوێخوازی چەترێکی گشتییە لە ناو خودی خۆیدا دەتەقێتەوە و چەندین پاشنوێخوازی جیاوازی لێدروست دەبێت و هەمویان پاشنوێخوازی گشتی پێکدێنن, ئەو تەقینەوە و دابەشبونە تایبەتمەندی جێگری و گشتی پاشنوێخوازین.

شیکردنەوە و خوێندنەوەی جیاواز بۆ زاراوەی پاشنوێخوازی و سنوری کاری پاشنوێخوازی لەلایەن ڕۆشنبیرانی پاشنوێخوازییەوە خراوەتەڕو. (بۆدیارد و ڤاتیمۆ و فۆکۆیاما) بە کۆتایی مێژو دایدەنێن(اصغری، 1387: 173)، لە تەوەرە سەرەکییەکانی فەلسەفەی پاشنوێخوازی چەمکی (کۆتایی مێژو)وە، کاتێک (نیچە) دیراسەتی زەمەنی کرد لە ڕوی جینالۆجیاوە، جینالۆجیا دەستیکرد بە شیکاری بیرۆکەی بنەڕەت و سەرەتا، ئەو شیکارییەش واتا پەرتبونی مێژو بە واتای مێژویەکی یەکگرتو نییە، بەڵکو جۆراوجۆر و جیاوازە، شیکاربونی مێژو و بڵاوبونەوەی بۆ مێژوگەلێک، مەبەست لە کۆتایی مێژو نییە، بەڵکو کۆتایی پێشبینی و نوسینەوەی وەکو یەک ڕێڕەو بۆ ڕوداوەکان. سکۆت لاش(١٩٤٥_... ) پاشنوێخوازی بە قەڵەمڕەوی کلتور زانیوە (لاش، 1383: 19)،(مەك هێڵ..)((پاشنوێخوازی بە دیمەنێکی شێواو لە جیهانی فرەگەرا زانیوە))(نجومیان، 1385: 23).

## ١_٣ _پێناسەی پاشنوێخوازی

پاشنوێخوازی تێکەڵەیەکە لە فەلسەفە جیاوازەکان، لە لایەک بەردەوامی دانە بە نەریتەکانی ڕابردو، لە لایەکی دیکەوە هەنگاونانە بۆ جێهێشتن و ڕەتکردنەوەیان، لە نێوان قبوڵکردن و درێژەپێدانی نوێخوازی و ڕەتکردنەوەیدا، میشێل فۆکۆ (١٩٢٦_١٩٨٤)، کە خۆی لە دیارترین ڕابەرانی بزوتنەوەی پاشنوێخوازییە لە وەڵامی ئەو پرسیارەی، کە پاشنوێخوازی چییە؟ دەڵێت: ((من لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە کێشەم هەیە، چونکە هێشتا نازانم پێگە و سنوری سەرەتا و کۆتایی نوێخوازی کوێیە))(نوذری، 1380: 207). پاشنوێخوازی ناونیشانێکی گشتی چەند دیاردەیەکە، کە لە قۆناغی سیستەمی سەرمایەدارییدا بەناوی پاشنوێخوازییەوە سەریهەڵداوە و بو بە شێوەی باڵادەست لە هونەر و ئەدەبیاتی ئەو قۆناغەدا. کەواتە ناوی قۆناغێکە، کە دیاردە کۆمەڵایەتیی و ئابوری و کلتورییەکانی لەژێر چەتری خۆیدا کۆکردەوە. بۆیە دەگوترێت: ((ڕوناکبیرێکە لە چوارچێوەی کارکردنێکی دیاریکراودا دەرچوە، لە ئەنجامی کارلێککردنێکی سەرمایەداریدا، بە سڕینەوەی دابونەریتەکانی کۆمەڵگا جیاوازەکاندا))(مالباس، ٢٠١٢: ١٥).

پاشنوێخوازی خەسڵەت و بنەمایەکی نەگۆڕ و دیاریکراوی نییە، ئەمەش وایکردوە، کە بیرمەندان و تێۆردانەرانی ئەم بزاڤە بەپێی بۆچون و بواری پەیوەست بە خۆیان پێناسە بۆ پاشنوێخوازی بخەنەڕو، لێرەوە دەکرێت ئەوە بگوترێت، کە

بەپێی تێپەڕینی کات و پێشکەوتنەکان پێناسەکانیش بگۆڕدرێن و دیسانەوە خوێندنەوەیان بۆ بکرێت، لە پێناسەیەکدا بۆ پاشنوێخوازی دەگوترێت: ((پاشنوێخوازی هاوشێوەی پاشبونیادخوازی و هەڵوەشانەوەخوازی ڕەخنەیەکە لە جوانیناسی سەردەمی پێش خۆی، جگە لەمە بانگەشەی نەهێشتنی نەریت و نەریتی کۆنی ڕەتدەکردەوە و دژی دەوەستا))(وسو، ٢٠٢٢: ٢٣).

ئیهاب حەسەن لە پێناسەی پاشنوێخوازیدا دەڵێت: ((بەدەر لە دەرونپەرێشی و نەبونی دڵنیایی، بەریەککەوتن، لادان، یاخیبون، ڕێچکەشکێنی، دژەناوەند، هیچ پێناسەیەکی دیکە هەڵناگرێت))(Hassan، ١٩٨٧: ٩٢-٩٣).

پێناسەیەکی ورد و پوخت بۆ پاشنوێخوازی هێندە سانا و ئاسان نیيە، چونکە لەبوارگەلێکی بەرفراوان و سنوری لێکۆڵینەوەی بوارەکانی وەکو هونەر، بیناسازی، میوزیک، فیلم، ئەدەبیات، کۆمەڵناسی، پەیوەندییەکان و مۆدە، هەروەها تەکنۆلۆجیا و...هتد، خۆی بەدەرخستوە.

**١_٤ _مێژوی سەرهەڵدانی پاشنوێخوازی**

پاشنوێخوازی وەکو بزوتنەوەیەکی گشتگیر و هەمەلایەن، لە ساڵانی (1960) و (1970) لە فەرەنسا دەستیپێکرد و دواتر پەلی هاویشت بۆ ناوچە جیاجیاکانی جیهان. ئەم بزوتنەوەیە، کە لە سەرەتادا لە بیناسازی و لە وەڵامی بیناسازیی سەردەمی نوێخوازیدا دەرکەوت، بە خێرایی هەمو بوارەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان و فەلسەفە و هونەر و بە تایبەت ئەدەبیاتی گرتەوە. هەندێك لە بیرمەندان و تیۆردانەرانی پاشنوێخوازی، ئەم بزاڤە بە جۆرێك لە (کرۆنۆلۆژیی) و قۆناغی دوای نوێخوازی دایدەنێن و هەندێکیش پاشنوێخوازی بە هەر جۆرە گۆڕان لە شێوە نوێخوازەکانی ژیان دایدەنێن، بۆیە تێکەڵییەک لە خستنەڕوی مێژویەکی دیاریکرا بۆ پاشنوێخوازی خراوەتەڕو، هەر بیرمەندێک بەپێی بواری خۆی مێژو و کەسایەتییەک دەهێننە بەرباس و بەسەرەتای مێژوی دەرکەوتنی پاشنوێخوازی دایدەنێن، کەواتا لە ڕێگەی بەکارهێنانی زاراوەکەوە لەلایەن کەسایەتییەکی بوارێکی دیاریکراوەوە بە مێژوی دەرکەوتنی پاشنوێخوازی دانراوە، ئیهاب حەسەن ڕای وایە: دەرکەوتنی پاشنوێخوازی لە ((سییەکانی سەدەی بیستەمەوە دەست پێدەکات، بگرە دەشێت پاشنوێخوازی بۆ نەوەدەکانی سەدەی نۆزدەهەمیش بگەڕێتەوە))(Hassan، ١٩٨٧: ٥).

لە ساڵی (١٩١٤)، لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕی جیهانیی یەکەم، یەکەمین دەرکەوتەکانی پاشنوێخوازی بینرا و لە ساڵی (١٩١٧)، (توس ڕۆدڵف پانوتیز) فەیلەسوفی ئەڵمانی بۆ یەکەمینجار لە وەسفی پوچگەراییدا ئەم زاراوەی بەکارهێناوە، دواتر لە ساڵی (١٩٣٤) ڕەخنەگرێکی ئەدەبی ئیسپانیایی بەناوی (فردریکۆ اونیس) وەکو کاردانەوەیەك دژ بە نوێخوازی ئەدەبی بەکاریهێنا. دواتر لە ساڵی (١٩٣٩)، (برناد ادینگزل) بۆ بە فەرمی ناساندنی شێوەی نوێخوازی دونیایی و گەڕانەوە بۆ مەزهەب بەکاریهێنا. (ئارنۆڵد توینبی) بۆ دەرکەوتنی کۆمەڵگایەکی جەماوەریی زاراوەی پاشنوێخوازی بەکارهێنا، ئەم زاراوەیە لە فەلسەفە دەگەڕێتەوە بۆ دەیەی شەست. لە دەیەی شەست تاوەکو دەیەی حەفتا گەیشتە لوتکە خۆی و، سەرەتا دۆخی بیناسازی دوای جەنگی جیهانیی دوەمی بە توندی خستبوە ژێر کاریگەرییەوە))(نسب، ١٣٩٣: ١١).

بزوتنەوەی پاشنوێخوازی لە نیوەی دوەمی سەدەی بیستەم و دوای بزوتنەوەی نوێخوازی سەریهەڵدا؛ هەرچەند هەندێك ڕیشەی ئەم بزوتنەوە فکرییە دەگەڕێنەوە بۆ ساڵانی پێشتر. ((ڕیشەی ئەم بیرە دەبێت بەر لە بۆچونەکانی لیوتارد و دریدا و فۆکۆ و بە دیاریکراوی لە تیۆری ڕێژەیی ئەنشتاین و نەبونی دڵنیایی (عدم قطعیت) هایزنبرگ و (Reifilation) هایدگەر و بە تایبەت لە بۆچونەکانی نیچەدا بۆی بگەڕێت))(طاهری، 1384: 31)

پاشنوێخوازی(postmodernism)، زاراوەیەکی نامۆ و ناڕون نەبو لە نێو بیرمەندان و ڕۆشنبیراندا، بەڵکو وشەیەکی ڕون و ئاشکرا بوە لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردودا ئاماژەی بۆکراوە، توێژینەوەی ئەدەبی و فیکری لە بارەوە خراوەتەڕو، بۆیە خەسڵەتەکانی ئەم بزوتنەوەیە بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە.

**١_٥ _ڕۆمانی پاشنوێخوازی**

لە سەدەی بیستەمدا و بە نزیککراوەیی لە دەیەی شەست و حەفتاکاندا نوسینەوەی ڕۆمان گۆڕانکارییەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی، بەشێوەیەک گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی لە تەکنیک و تێم و فۆرم بەسەر بنیاتی ڕۆماندا هات. بەمەش دورکەوتنەوە بو لەو شێوازە باوەی، کە پێشتر بونی هەبو، لێرەوە دورکەوتنەوە و ڕەتکردنەوەی بنەما و فۆرمە جیاوازەکانی ڕۆمانی نوێخوازی بەدی دەکرێت. ئەو خەسڵەتە باوانەی، کە لە نوێبونەوەی ڕۆمانی نوێخوازیدا هەبو تێکشێکنران، بەم شێوەیە ئەو ناوەندێتی و جێگیربونەی نوێخوازەکان چیدی باوی نەما و هەوڵدرا جێگەی سەرجەمی گێڕانەوەکان بگرێتەوە، بەمەش گێڕانەوە گەورەکان جێگەیان پێ لەنگ کرا و نوسەران دەنگ و ڕەنگە جیاوازەکانیان لە دوتوێی نوسینی ڕۆمانێکدا جێگە کردەوە و فۆرم و تەکنیکی نوێخوازیشیان تێکشکاند، کە بۆ دەرخستنی جیهانی ڕۆمانەکە بەکارهێنرابو، لێرەوە پێناسەیەکی دیاری ڕۆمانی پاشنوێخوازی دەکرێت، کە ڕای وایە: ((ڕۆمانی پاشنوێخوازی بریتییە لە پەرتبونی ژێر نەخشە، یان فرەیی ژێر نەخشە))(مەنتک،٢٠٢٤: ٢١٢)

میخایل باختین(١٨٩٥_١٩٧٥)، لە پۆلێنبەندییەکی گشتیدا، ئەدەبیاتی گێڕانەوەی دابەش کردوە بۆ سێ قۆناغ. کلاسیك، نوێخوازی، پاشنوێخوازی، تایبەتمەندیی قۆناغی یەکەم (پاراستنی دیسپلین و یەکپارچەیی و پەیوەندی نێوان هۆ و دەرەنجام (علت و معلول)ە، لە قۆناغی دوەمدا بینەری ئاڵۆزیی و تێکەڵاویی دەربڕینە، لە قۆناغی سێیەم واتە قۆناغی پاشنوێخوازی بە ئاوڕدانەوە بۆ سەرەتای پەیدابونی ڕۆمان سەرنجی لەسەر پوچگەراییە(مقدادی، 1378: 278).

لە ڕۆمانی پاشنوێخوازیدا خوێنەر ڕۆڵێکی گرنگی پێدرا، ئەویش بریتی بو لە بەشداریکردن و داڕشتنەوەی ڕۆمان، ئەم کارەی پاشنوێخوازەکان، دەرخەری ئازادییە، کە لەم جۆرە ئەدەبەدا هەیە، لە ((سەربەست کردنی نوسەر، لە چۆنیەتی ئەوەی دەیەوێت لە دەقێکدا پێشکەشی بکات، لە گەمەی زمانی و تەمومژی هزری، خۆنەبەستنەوە بە گێڕانەوەی تەقلیدی، بەکارنەهێنانی فۆرمی دوبارە. خوێنەریش لە ڕۆمانەکەدا بەشێوەیەکی تازە و بەپێی توانستی خۆی دەقەکە بونیات دەنێتەوە))(ئەمین، ٢٠١٤: ٢٨).

**بەشی دوەم: چەمکەکانی پاشنوێخوازی لەڕۆمانی گۆڕەشاردا.**

**دەروازە.**

ڕۆمانی پاشنوێخوازی کۆمەڵێک چەمک (کۆنسێپت)ی تایبەت بەخۆی هەیە، بە پێی تیۆرە جیاوازەکان مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، هەر تیۆردانەرێک کۆمەڵێک خەسڵەت و تایبەتمەندی دیاریکردوە و لە چوارچێوەی تیۆرێکی ڕەخنەییدا خستویەتیەڕو، ئێمە هەوڵدەدەین چەمکەکانی پاشنوێخوازی لە ڕۆمانی (گۆڕەشار)ی سەیدقادر هیدایەتیدا دەستنیشان بکەین، بۆئەوەی بە گوێرەی تێورە ڕەخنەییەکانی پاشنوێخوازی توێژینەوەکەمان ئەنجام، بدەین یەکێک لە تیۆرەکانی ڕەخنەی پاشنوێخوازیمان هەڵبژاردوە، ئەویش تیۆری ڕەخنەیی هەڵوەشاندنەوەخوازی(Deconstruction) ، جاک دێریدایە، بەڵام بۆ پاڵپشتی و بەڵگەی زیاتر و ڕونکردنەوەی باشتر، لە هەر جێگەیەکدا پێویست بو ڕای تیۆردانەرانی دیکەی بوارەکە لەپاڵ بیر و بۆچونەکانی جاک دێریدادا بەکاردەهێنین.

هەڵوەشاندنەوەخوازی یەکێکە لە میتۆدە ڕەخنەیەکان. لە زمانە جیاوازەکاندا زاراوە و دەستەواژەی جواروجۆری بۆ بەکاردەهێنرێت، بەڵام لە ناوەڕۆکدا دەچنەوە سەر یەک ڕێچکە ئەویش گرنگیدانە بەواتای جیاواز لەدەقدا، لە زمانی ئینگلیزیدا ((زاراوەی (Deconstruction) بۆ (هەڵوەشاندنەوەخوازی) بەکاردێت، هەروەها زاراوە-Post (structuralismبەکاردێت، بەڵام جیاوازی لە نیوان هەردو زاراوەکەدا، بەدی دەکرێت، بە جۆرێک ئەوەی یەکەمیان تایبەتە و ئەوەی دوەمیان گشتگیرە و هەمو ئەو ڕەوت و تیۆرە ڕەخنەییانە دەگرێتەوە، کە لە دوای بونیادخوازییەوە دروست بون .(peck&Coyle: 2002:215 ) لە زمانی عەرەبیدا بەرانبەر بە میتۆدی هەڵوەشاندنەوەخوازی ((التفکیکة و المنهج التفکیکی بەکاردێت))(بن قسمیة،2017: 23_60) لە زمانی کوردیدا زاراوەی (هەڵوەشاندنەوەخوازی) و (هەڵوەشاندنەوەگەرایی) بەکارهاتوە، هەروەها بەشێک لە نوسەران هەمان زاراوە ئینگلیزییەکە بەکاردەهێنن.

گونجاوترین پێناسە لە بارەی هەڵوەشاندنەوەخوازی کرابێت و تارادەیەک توانیبێتی ئامانجەکەی بپێکێت ئەوەیە: ((ڕێگەیەکی تایبەتی شیکردنەوەی ڕەخنەیی دەقی ئەدەبییە، گومان دەخاتە سەر دەلالەتە زمانییەکان و پێی وایە، کە هیچ دەقێک ناتوانێت واتایەکی چەسپاو و جێگیری هەبێت و دەبێت خوێنەر کاتێک، کە دەقێک دەخوێنێتەوە تەواوی بیرۆکە فەلسەفی و ئەندێشەییەکانی لە مێشکی دەربکات و واتا و دەلالەتەکان لە دەقەکە وەربگرێت))(رویل،١٣٩٣: ٨١).

کاتێک باس لە میتۆدی ڕەخنەی هەڵوەشاندنەوەخوازی دەکرێت وەک چالاکییەکی ڕەخنەیی ڕاستەخۆ جاک دێریدا دێتە پێشەوە چونکە ((بەوە ناسراوە فرە لایەن بوە و بایەخی بە زۆر بابەت داوە، دریدا فەیلەسوف و خوێنەری چەندین دەقی کەلتوری فەلسەفیی ڕۆژئاوایە. خاوەنی تیۆرێکە، کە بەناوی سەنتەریزمی وشە (Logocemterism)یان بە میتافیزیکای ئامادەیی (Metaphisics Of Presence)ناسراوە))(خلیل،٢٠١٧: ١٦٢).

دریدا لە پرۆسەی شیکردنەوەی دەقدا دژایەتێکی سەرسەختی تاک واتایی و یەک جەمسەری دەکات بۆ دەق و زۆرجار ئەم تێڕوانینانەی دریدا دژایەتی دروستکردوە، تەنانەت هەر خوێندنەوەیەکی ڕابردوش بۆ دەق ڕەتدەکاتەوە .

دریدا پێی وایە: ((کە لە شیکردنەوە و لێکدانەوەی هەر دەقێک،ئەوەی، کە پێشتر لەبارەیەوە زانراوە بەلاوە بنێن و بە تێکشاندنێکی ئاگایانەی پێکهاتە و بونیادی دەق دەکرێت واتای تازە و جیاواز لەوەی باسکراوە دەربهێنرێت، کە بێگومان ئەوە مەبەستی دریدا و هەڵوەشاندنەوەخوازەکانە))(دشت ارژنە، ١٣٩٢: ٣٩).

جاک دریدا پێی وایە: کە هیچ بونیادێکی گونجاو نییە دەسەڵاتی تەواوی بەسەر دەقەوە هەبێت و هەر دەقێک، لە ڕوانگەی بنیادی لە دژایەتی دایە. دریدا ڕای وایە، کە تیۆری بونیادی لە دەقدا، ڕێگری لە فرەواتایی لە دەقدا دەکات، هەندێک لە ڕەخەنگران دریدایان بە(گۆڕگیاس) ی سەدەی بیست ناساندوە، لەو ڕوانگەوە، کە ئەو بە مەزهەب و سەرمەشقی گومان و ڕێژە(نسبی)خوازی سۆفیستەکان ناسراوە (جاک دریدا) بە ڕاستی و بەتەواوی دەرخەری کێشە و قەیرانی فکری میتافیزیکی (فەلسەفی) ڕۆژئاوایە لەسەردەمی نوێدا و پێشاندەری کەوتن و هەستانەوەکانیەتی.( زرشناسی، ١٣٨٢: ١٩).

**بنەماکانی ڕەخنەی هەڵوەشاندنەوەخوازی:**

١ _هیچ شتێک لەدەرەوەی دەق بونی نییە.

٢ _ئامانجی سەرەکی هەڵوەشاندنەوەخوازی بریتییە لە بەیانی شتی نەگوتراو و فەرامۆشکراو لەلایەن نوسەرەوە.

٣ _ئەدەبیات بنچینەیەکە، کە بە لەبەرچاوگرتنی ڕێچکەی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و سیاسی و یاسا چالاک و زاڵەکانی سەردەم دەگۆڕێت.

٤ _ئەدەبیات نابێت تەنیا بەدوای بنەچە و ڕیشەی مرۆڤ و بیر و باوەڕەکانییەوە بێت، بەڵکو دەبێت هەڵوەستە لەسەر نیاز و پێداویستییەکانیشی بکات.
٥ _شێوازی کاری هەڵوەشاندنەوەخوازەکان بریتییە لە هەڵوەستەکردن لەسەر ئەو کەموکوڕیانەی، کە لەناو دەق، تاکو هەلومەرجی پێویست بۆ لێکدانەوەی و ڕۆچون تێیدا فەراهەم بێت.
٦ _خوێنەر و نوسەر، بە ڕوکردنە ئەو قوتابخانە ڕەخنەییە هیچ لەدەست نادات.
٧ _هیچ کاتێک ناتوانین بگەین بە واتای تەواو، واتای ڕوکەشی وشە و ڕستەکان زۆر باوەڕپێکراو و دانپێدانراو نین، بۆیە ڕەخنەگر نابێت بەدوای واتای تەواوە بێت، چونکە ئەوە مەحاڵە.(نژاد، ١٣٨٢: ٣٨).

لێرەدا تێڕوانینەکانی جاک درێدا بۆ خوێندنەوەی ڕۆمانی پاشنوێخوازی لە ڕۆمانی گۆڕەشاردا شیکربکەین.

## ٢_١ _ڕوخاندنی ناوەندێتی

فەلسەفەی نوێخوازی(مۆدێرن)، یان بزاڤەکانی بونیادخوازی و سیمۆلۆژیی بە دوای سیستەم و گونجاندا دەگەڕێن و ئامانجیان یەکخستنەوەی دەق و وتارەکان و کۆکردنەوەیانە، لە بونیادێکی گەردونیدا و پەتکردنیان لە بناغەگەلێکی وێنەیی گشتی، لە پێناو دروستکردنی گونجاندن و بەدیهێنانی بەشی و گشتی، کەچی ((فەلسەفەکانی پاشنوێخوازی (پۆستمۆدێرن) دژی سیستەم و گونجاندن و بیرۆکەی گشتین، لە بەرانبەریشدا بانگەشەی فرەیی و جیاوازی و ناسیستەمی و هەڵوەشاندنەوەی ئەوەی، کە هەیە دەکەن))(البحیری،٢٠١٩: ٢٤).

لە ڕۆمانی پاشنوێخوازیدا ناوەندبونی ڕوداو و کات و شوێن و گێڕانەوەکان بونیان نیە، بەڵکو هەریەک لەم تەکنیکانە تێکدەشکێنرێن و بنەما گەلێکی دیکە شوێنیان دەگرێتەوە، کە بریتین لە تێکدانی هەریەکە لەم تەکنیکانە، کەواتا ئەو گونجاندن و ڕێکخستنانەی، کە لە ڕۆمانی نوێخوازیدا بۆ دەقی ڕۆمان کراوە، لێرەدا هەڵدەوەشێنرێتەوە، چونکە بڕوایان وایە ناتوانرێت دەق واتایەکی دیاریکراوی هەبێت، بەڵکو دەبێت لە ڕێگەی گومانکردن و هەڵوەشاندنەوەوە بگەین بە واتا شاراوەکانی دەق، ڕۆمانی گۆڕەشار بە شێوەیەکی بەرفراوان کار لەسەر ڕوخاندنی ناوەندێتی کردوە، لە ڕێگەی بەکارهێنانی چەند بنەمایەکی دیاریکراوی پاشنوێخوازییەوە، لە گرنگترین ئەو بنەمایانەی، کە دەبنە هۆکاری ڕوخاندنی ناوەندێتی دەق ((گێڕانەوە لەناو گێڕانەوە(میتافیکشن)، گێڕانەوەی نارێک (فراگماتەیشن)، لێکدانی توخمەکان (پاستج)، کەمینەخوازی (مینیماڵیزم)، دەقئاوێزان (ئنتەرتێکستواڵ)، بەدگومانی (پارانویا)، هەروەها (یاری زمانی، بێناسنامەیی کارەکتەر، فیمینیزم، نادڵنیایی، ڕەتکردنەوەی ئایدۆلۆژیای باو، ڕەخنەگرتن لە زانست، کۆتایی لێڵ، پوچگەرایی، تەنز، پارادۆکس)، هەریەکە لەم تایبەتمەندیانە دەبنە هۆکاری هەڵوەشاندنەوە، یاخود ڕوخاندنی ناوەندێتی دەق، لە تەوەرەکانی دیکەدا بەوردی لەسەر ئەم بابەتە بەڵگەی زیندومان خستوەتەڕو، بۆیە لێرەدا نامانەوێت نمونە بخەینەڕو.

## ٢_٢_مێتافێکشن.

چەمکێکی دیاری ڕۆمانی پاشنوێخوازیە، لە زمانی ئینگلیزییدا(metafiction) ی پێدەڵێن (meta) .بەواتای (دوا و سەرو)دێت، وشەی( (fiction) گێڕانەوەی خەیاڵی دەگەیەنێت، پێکەوە زاراوەی(metafiction)یان دروستکردوە. ئاماژەیە بۆ جۆرێکی تایبەت لە ئەدەبیاتی پاشنوێخوازی(داد، 1382: 360). زاراوەی (مێتافێکشن) بۆیەکەمجار لە ساڵی (1970) و لەلایەن ویلیام گاس(١٩٢٤_٢٠١٧) لە توێژینەوەیەکدا ئاماژەی بۆ کردوە.(غیتری، 2016: 93) و ئاماژەیە بۆ ئەو گێڕانەوە خود ئاگایانە، سەرنجی بەرامبەر بەو دۆخە ڕادەکێشێت، کە دروستی کروە، تا پرسیارگەلێك دەربارەی پەیوەندی نێوان گێڕانەوەی ناو (ڕۆمان) و واقعیەت بخاتەڕو( ود، 1390: 8)، دوای ولیام گاس، ڕەخنەگرانێکی زۆر ئەو

زاراوەیان بەکارهێناوە و خستویانەتە بەرباس و لێکۆڵینەوە. لەوانە (پاتریشیا ود پرۆفسۆری زمانی ئینگلیزیی لە زانکۆی دورهام و چەندین بەرهەمی لە بواری ڕۆمانی نوێخوازی و ڕەخنەی ئەدەبیدا بڵاوکردوەتەوە. ڕای وایە: ((مێتافیکشن یاساکانی گێڕانەوە دەخاتە ژێر کنە و لێکۆڵینەوە، تاوەکو لەو ڕێگەیەوە ڕۆڵی جۆرەکانی گێڕانەوە لە ژیاندا ئاشکرابێت. بە واتایەکی تر، دۆزینەوەی ئەوەی هەریەکە لە ئێمە چۆن لەگەڵ واقعیەتەکانماندا ڕۆڵ دەگێڕین))(حمد، 2011: 14).

ڕۆمان کاتێك دەبێت بە مێتافێکشن، کە ڕوکارێك لە داهێنان هەبێت. ((بەرهەمێکی لەم شێوەیە ئاگایانە یاساکانی ڕۆمانەکە تێکدەدات و سەرنجەکان بۆ سەر زمان و شێوازە ئەدەبییە بەکارهاتوەکان ڕادەکێشێت، گێڕانەوەیەکە دەربارەی گێڕانەوە))(افرین، 1389: 22). ئەم تەکنیکە دەبێتە هۆکاری سەرهەڵدانی پرسیارگەلێکی بونناسانە دەربارەی پەیوەندی دونیای دەق و دونیای دەرەوەی دەق (دونیای نوسەر و خوێنەر) مێتافیکشن هەوڵدەدات ئەو ڕاستییە بە خوێنەر بگەیەنێت، کە ئەوەی دەیخوێنیەوە هیچ نییە جگە لە یاری زمان و تەکنیکی ڕۆماننوسی و نابێت گێڕانەوە بە جیهانی واقعی تێبگات، بە پێچەوانەی واقعگەرایانەوە، کە دەیانویست لە ڕێگەی گێڕانەوەوە واقعیەت ئاشکرابکەن.

تەکنیکی مێتافیکشن بەچەند شێوەیەک دروست دەکرێت، گرنگترینیان_:

١ _نوسەری ڕۆمانەکە خۆی دەبێتە گێڕەرەوە و بە خوێنەرانی ڕادەگەیەنێت، کە ئەوەی لێرەدا دەیخوێننەوە و تەنها گێڕانەوەیەکە و هیچی تر، نابێت وا تێبگەن، ئەم گێڕانەوەیە لە جیهانی واقیعدا بونی هەیە.

٢ _دەکرێت کارەکتەری سەرەکی ئەو ڕۆڵە بگێڕێت و ئاراستەی گێڕانەوەکە ئاشکرا بکات.

٣ _گونجاوە کارەکتەرێکی ناو ڕۆمانەکە ڕۆڵی نوسەرەکە بگێڕێت.

٤ _پێویستە بەشێوەیەک لەشێوەکان ناوی ڕۆمانەکە، ئاراستەی گێڕانەوەکە بۆ خوێنەر ڕون بێت.

لەڕۆمانی گۆڕەشاردا نوسەری ڕۆمانەکە لەناو ڕۆمانەکەدا دیار نییە، بەڵام ماریای دڵخوازی کارەکتەری سەرەکی، کە (ئازاد)ە ڕۆڵی نوسەرەکە دەبینێت، چونکە لەکاتی گفتوگۆ و دیالۆگدا ئەمە بەدی دەکرێت. ((چیرۆکی چی و شتی چی؟ من دەخاتە کوێی چیرۆکەکەوە؟ من بۆ کوێی چیرۆک دەبم ئاخە؟ ئەویش درۆ دەکا نوسەر نییە. ماریا تۆ نوسەری چی و چی؟ دەتەوێ من چی لێ بکەی؟))(گۆڕەشار،٢٠٢٤: ١٠٦). ئەگەرچی ئەم پەرەگرافە لەشێوەی پاستج دایە و دەیەوێت چیرۆکێک تێکەڵ بە ڕۆمانەکەی بکات، بەڵام کارەکتەری سەرەکی ئاگای لێیە کە گێڕانەوەیەک سەبارەت بە ئەو لەئارادایە، بۆیە وەکو میتافیکشن ناودەبرێت، یاخود لە پەرەگرافی تردا هاتوە: ((چارەنوس من و ماریای هێناوەتە ئێرە تاکو لێرە، تاکو لێرە چی بکەین ماریا؟ ئەو ببێتە نوسەر و من ببمە چی ئەو؟ ماریا چیت نوسیوە لە بارەی گورچیلە فرۆشتنەوە؟ من چی لێ دەکەی لە چیرۆکەکەتدا؟))(گۆڕەشار: ٦٨). لێرەدا وەکو پاستج دەردەکەوێت، بەهۆی ئەوەی وەختە چیرۆک تێکەڵ بە گێڕانەوەکە ببێت، بەڵام بەهۆی ئەوەی باس لە کارەکتەری سەرەکییە و وەختە بزانێت، کە نوسەر(ماریا) لەبارەی ئەوەوە دەدوێت، بۆیە فەزای میتافیکشن زاڵە بەسەر گێڕانەوەکەدا.

ماریا، کە دڵخوازی کارەکتەری سەرەکییە، لە ڕێگەی ئەو پەرتوکەی، کە هەمان ڕۆمانی گۆڕەشارە هەندێک زانیاری لەبارەی ڕۆمانەکەوە ئاشکرا دەکات، ئەمە خودی تەکنیکی میتافیکشنە وەکو لە ڕۆمانەکەدا هاتوە: ((**ئەمن چیرۆکێکم بەدەستەوەیە** دەستت **نێوی گۆڕەشارە، کەسایەتییەکەی** دەستمان **زمان دەگرێ**، زمان دەگرێ؟ **ببورە واش دەڵێم.** دەستم چی دەگرێ **دەمەوێت لەو بارەوە هێندێکت پرسیار لێ بکەم، هەڵبەت ئەگەر بۆ خۆت ڕازی بی و پێتخۆش بێ**))(گۆڕەشار: ٤٦). ئاشکرایە، کە کەسایەتی سەرەکی ناو ڕۆمانەکە، کەسێکە زمان دەگرێت(لاڵ)ە، بۆیە هەندێک زانیاری لەسەر گێڕانەوەکە و ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر ئاسان دەکات و تاڕادەیەکی زۆر ئەمە چیرۆکێکە و لەبارەی کەسایەتی (ئازاد)ەوە نوسراوە و بۆتان دەگێڕمەوە .

لەکۆتایی ڕۆمانەکەدا وا دەردەکەوێت، خوی ئازاد کاریگەری لەسەر گێڕانەوەی چیرۆکەکە و نوسینی ڕۆمانەکە هەیە، چونکە هەمو ئەو ڕوداوانەی بەسەری هاتوە بۆ ماریای دەگێڕێتەوە و پاشان پرسیار لە ماریا دەکات، کە ئایا هێشتا هەمان ناونیشان بۆ چیرۆکەکەی دادەنێت یاخود دەیگۆڕێت، دیارە مەبەستی لە هەمو ئەو بەسەر هاتانەیە، کە بەسەری هاتوە، قابیلی ئەوەیە لەناو ئەو ناونیشانەی ڕۆمانەکەدا جێگەی ببێتەوە، یاخود کەمی بەسەر هاتوە و گۆڕەشار زۆرە بۆ ئەو ڕوداوانەی بەسەری هاتوە، هەروەکو دەڵێت: ((ماریا هەر لەسەر قسەی خۆتی و نێوی چیرۆکەکەت ناگۆڕی؟ نازانم چۆن چاو لەو هەمو ڕشاوە و زەرداوانە دەکەی؟ نازانم چۆن گوێ بۆ هێقە هێقی هێڵنج و هۆع هۆعی ڕشانەوەی ئەو نەخۆشانە ڕادەگری. ماریا! نازانم بۆچی چیرۆکی من ورێنەی کەسێکی نەخۆشە. من لەنێو ورێنە و ئەوکەسەدا کەس نازانێ چیم لێهاتو. تۆش نازانم بەدوای چییەوەی؟ نازانم چۆن ورێنە و هێڵنجی نەخۆشێکی وەک من دەخەیەوە سەر یەک.))(گۆڕەشار: ٢٠٠). زۆر بەڕونی کارەکتەری سەرەکی دەزانێت ئەمە چیرۆکێکە و لەبارەی ئەوەوە دەنوسرێتەوە، جگە لە چیرۆکی ژیانی ئەو هیچی تر نییە، ئەمە چەمکێکی دیاری ڕۆمانی پاشنوێخوازییە و بە گێڕانەوە لەناو گێڕانەوە(میتافیکشن) ناو دەبرێت.

لە کۆتای ڕۆمانەکەدا زۆر بە ڕونی دیارە، ئەم ڕۆمانە چیرۆکی ژیانی کارەکتەری سەرەکی (ئازاد) دەگێڕێتەوە، چونکە ماریای نوسەر، یاخود گێڕەرەوەی چیرۆک بە دەست چوەتە ناو دڵ و دەرونی ئازادەوە و شتەکانی وەرگرتوە و گۆڕەشاری نوسیوەتەوە. هەروەکو هاتوە: ((ماریا لەوەتی وات پێ گوتوم و لەوەتی دەستت خستە نێو دەستمەوە هەست دەکەم لە زەین و دڵ و دەرونم دای. لە زەینی خۆم دا هەمو شتێکت بۆ باست دەکەم ناتوانم هیچت لێ بشارمەوە. بویە "هەموشتزانی" من و ئاگاداری هەمو کەلێن و کولێنەکانی زەین و دڵ و دەرونمی و دەستت بەدەستی منەوەیە. بڵێ ئێستا بۆ هاتی بۆ ئەم بە گورەگیراوە))(گۆڕەشار: ٦٥). لێرەدا ئازاد هەست دەکات، کە ئەو شتەی دەستی ماریا، کە چیرۆکێکە بە ناوی گۆڕەشار، لەبارەی ئەوەوە نوسراوە، بۆیە ئازاد دەڵێت لەناو زەین و دڵ و دەرونم دای، بۆیە بەو شێوەیە بە ڕاست و دروستی ڕوداوەکانت نوسیوەتەوە، ئەم شێوازە لە گێڕانەوە لە ڕەخنەی پاشنوێخوازیدا و بۆ جیاکردنەوەی ڕۆمانی نوێخوازی و پاشنوێخوازی بەگرنگ زانراوە و جەختی لەسەر کراوەتەوە، بەتایبەت لە تیۆرەکانی (ویلیام گاس و پتریشا ود)، کاتێک باس لە گێڕانەوە لە ڕۆمانی پاشنوێخوازیدا ڕونیان کردوەتەوە.

**٢_٢ _گێڕانەوەی نارێک (فراگماتەیشن).**

ڕۆمانی پاشنوێخوازی هاوشێوەی ڕۆمانە کلاسیکییەکان خاوەنی خەسڵەت و پەیوەندی و ڕێکیی و یەکدەستیی نییە، بەڵکو نوسەری پاشنوێخوازی بەو ئامانجەی، کە خۆی هەیەتی و بە سود وەرگرتن لە تەکنیك و ڕێکاری جۆراوجۆر لەوانە: ((گۆڕینی لەناکاوی تۆنی دەنگی گێڕانەوە، بە بۆشی هێشتنەوەی هەندێك پارچەی دەقەکە، بەکارهێنانی پارادۆکس و جێگۆڕکێ یەکگرتویی، ڕێکی دەقەکەی تێکداوە، بەم کارەی خوێنەر توشی سەرگەردانیی دەکات لە خوێندنەوەی بۆ دەقەکە دا ڕوبەڕوی کێشە دەکاتەوە. نوسەر بە بەردەوامی لە بابەتێکەوە بۆ بابەتێکی تر دەپەڕێتەوە، بە شێوەیەك بابەتی سەرەکی دەخاتە ژێر پرسیارەوە))(لاج، 1389: 168).

نوسەر لە گێڕانەوە ڕوداوەکانی ناو ڕۆمانی گۆڕەشاردا گێڕانەوەکەی بەشێوەی نارێک و نارون بونیاد ناوە دیارترین تەکنیکە، کە پاشنوێخوازەکان گرنگی پێدەدەن ئەمانەن:

_**تۆخکردنی هەندێک لە دێڕەکانی نوسینەکە**. ئەم شێوازە سیاقی گێڕانەوەکە تێکدەشکێنێت و بیر و سەرنجی خوێنەر ئالۆز دەکات، هەروەکو ئەوەی، (لاج) باسی لێوە کردوە و کردویەتی بە بنەما تیۆرییەکەی خۆی. ڕۆمانی گۆڕەشار هیچ ڕوپەڕێکی نابینیت، کە ئەم شێوازەی تێدا نەبێت. هەروەکو لە ڕۆمانەکە دا هاتوە: ((**ئەمن تۆ باش دەناسم، ئازاد دوایش**

**حەتمەن دەتبینمەوە. ئێستا هەم نەخۆش هەم ناکرێ. دە دە دەز دەز گا گا خە خە را راپ. ئەها دەزگاکان دەڵێی؟ کورە ئاواش کار بکەن هەر باشە. دەبێ شوکری خوا بکەن ئەوەش هەیە. دەوڵەت تەحریمە، فەلەج بوە.** چیم گوت؟ من باسی دەزگام کرد؟ **بەخودا لەوانەیە لەوەندەش بین.** بۆنی تۆ؛ **خۆ لەکار بکەون تازە پێیان چاک نابێتەوە. وێ وێ وێ را را.** منیش وێران بوم لەکار کەوتوم))(گۆڕەشار: ٥٢).

**_گۆڕینی لە ناکاوی تۆنی دەنگ.** لەم تەکنیکە دا کاتێک گێڕانەوەکە لەسەر ئاستی ئاسایی خۆی دەڕوات لەناکاو کارەکتەرێک تۆنی دەنگی دەگۆڕێت و ئەو شێوازە ئاساییەی، کە ڕێڕەوی گێڕانەوەکە هەیەتی تێکی دەشکێنێت و سەنتەری گێڕانەوەکە نامێنێت، ئەمەش سیفاتێکی دیاری گێڕانەوەی پاشنوێخوازییە، ئەم دیمەنانە بە شێوەیەکی بەرفراوان لەنێو ڕۆمانەکەدا هەستی پێدەکرێت و لە بەشێکی زۆری گێڕانەوەکەدا ئامادەیی هەیە وەکو لە ڕۆمانەکەدا هاتوە گێڕەرەوە بەدەنگی بەرز هاوار دەکات و دەڵێت: (( **خ خا خا خا خ خوێ وێ وێ خا خا خا. چییە ئەوە کاکە بۆ وا دەکەی؟ مەیکە هەرا با نەخۆشەکان هەڵنەسن.** گوتی ئەو هەرا هەرایەت لە چییە! **خ خ وێ وێ وێ. بێزەحمەت بێدەنگ بۆ خۆمان دەزانین چیبکەین!** سور. **ئێمە پەرستارین یان تۆ؟**))(گۆڕەشار: ٩٤). هەروەکو دەبینین گێڕەرەوەکە تۆنی دەنگی گۆڕاوە و دەستی بە هاوارکردن کردوە، ئەم شێوازە لە گێڕانەوەی پاشنوێخوازیدا بە فراگماتەیشن ناو دەبێت.

**_پەڕینەوە لە بابەتێکەوە بۆ بابەتێکی تر.** ئەم تەکنیکە لە ڕۆمانی پاشنوێخوازیدا زۆر جەختی لەسەر کراوە، بەم کارەی پاشنوێخوازەکان ناوەندێتی گێڕانەوە نامێنێت و خوێنەر سەرگەردان دەبێت. (لاچ) پیی وایە: ئەم تەکنیکە سەنتەری بابەتەکە دەخاتە ژێر پرسیاوەوە، لای هەندێک لە تیۆردانەرانی پاشنوێخوازی بە گێڕانەوەی نارێکی (nan len) ناودەبرێت، کە بریتییە لەو شێوە گێڕانەوەیە کە نوسەر لەیەک پارچە( پەراگراف)دا چەند بابەتێک دەگێڕێتەوە و بەتەواوی بابەتی سەرەکی ون دەبێت. لە ڕۆمانی گۆڕەوشاردا هیچ ڕوپەڕێک نابینین تەنها یەک بابەت بگێڕدرێتەوە. وەکو ((وەحە، چغە، ختە، مەگری ئازاد گیان. ڕۆیشت ماڵەکەم. ئەها ڕۆیشت، برۆ نەیەی. بە ئیمۆجییەک زو بڵێ ئۆکەی و تەواو ئیدی بەڵێ وایە ڕاست دەفەرموی قەبوڵمە چییە؟ نوسین کۆڵێ وەختی دەوێ کە کەس بیشیێ ناڵێ هەمە. ئەگەر دێنە دەرێ زەنگی پشو لەگەڵ کێ دەگەڕێی؟ ئم. لەگەڵ کێ کایە دەکەی؟ ئم. لەگەڵ کێ دێی؟ ئم. لەگەڵ کێ دەڕۆی؟ ئم. دەبەسسە نیشتمان مێشکی سەرمان ئازاد ئەو دەفەم لە قەبری مردوم خۆشتر دەوێت))(گۆڕەشار: ٢٥). هەروەکو دەردەکەوێت لەم پەرەگرافە دا چەند بابەتێک گێڕدراوەتەوە و بابەتەکانیش هیچ پەیوەندیدار نین بە یەکترەوە، ئەم شێوازە تەواوی ڕۆمانەکەی تەنیوە، خوێنەر ناتوانێت بە ئاسانی بابەتی سەرەکی لە ڕوپەڕێکدا دەستنیشان بکات، هەر ئەمەیە کە (لاچ) وەکو بنەمایەکی پاشنوێخوازی لە ڕۆماندا باسی لێوە دەکات.

لە کۆتایی ڕۆمانەکە دا دیسانەوە تەواوی ڕوداوەکان باسدەکاتەوە و گێڕانەوەکە نارێک دەکات، بەشێوەیەک لە ڕوداوێکەوە بۆ ڕوداوێکی تر و لە بابەتێکەوە بۆ بابەتێکی تر دەپەڕێتەوە، تەنها لە پەرەگرفی کۆتایدا باسی (شتە ڕەشەکە، بون، ورێنە، خەیاڵ، شوناس، لێڵی، بەدگومانی، بێ ناونیشانی... دەکات)(گۆڕەشار: ٢٠٢).

**٢_٣ _لێکدانی توخمەکان(پاستج).**

لێکدانی توخمەکان (pastiche)یەکێکە لە چەمکەکانی ئەدەبی پاشنوێخوازی، کە فۆرمە جیاوازەکان لە دەقێکی ئەدەبیدا خۆیان دەبیننەوە، واتا چەند شێوەیەک لە ژانرە ئەدەبییەکان لەیەک فۆرمی ئەدەبیدا دەنوسرێنەوە، بەمەش ناوەندبونی دەق نامێنێت و تێک دەشکێنرێت، وەکو چۆن لەکۆندا هەر ژانرە و تایبەتمەندی و شێوەی نوسینی خۆی هەبوە، بەڵام پاشنوێخوازەکان ئەم ناوەندبونەیان نەهێشت و چەند ژانرێکیان تێکەڵ بەیەکتر کرد لە دەقێکی دیاریکراودا، بەواتایەکی ڕونتر، بۆ نمونە لەکۆندا شیعر، یاخود ڕۆمان لەچوارچێوەی بنەما و تەکنیکەکانی خۆیان دا دەنوسرانەوە،

کەچی لە تەکنیکی پاشنوێخوازیدا توانرا ژانری شیعر و شانۆ و ئەفسانە و هونەرەکانی دیکە لەنێو دەقێکی ڕۆماندا جێگە بکەنەوە.

لە ڕۆمانی گۆڕەشاردا سود لە چەند ژانرێکی ئەدەبی وەرگیراوە لە بونیادی دەقی ڕۆمانەکە دا:_

**_گۆرانی:** لە ڕۆمانی گۆڕەشاردا گۆرانی پانتاییەکی فراوانی داگیرکردوە، چ بە شێوەیی فرەدەنگی بێت، یاخود بەشێوەی ژانرێک لە شێوەی گۆرانیدا بێت، وەکو لە ڕۆمانەکەدا هاتوە، لەسەرەتاوە دەڵێت: "دەف دەف دەف داااف دەفدەف دەدەف دەفدەف داااف دەفدەف"، کە ئاماژەیە بە دەنگی دەف و پاشان گۆرانییەکە دەست پێدەکات و دەڵێت: ((بارانە و بارانە دیسان هەور و بارانە، ئەرێ هاوار بەماڵم پایزە و گەڵا ڕێزانە))(گۆڕەشار: ٥٦). وەکو دەردەکەێت، نوسەر ژانری گۆرانی تێکەڵ بە دەقی ڕۆمانەکە کردوە، کەواتە ژانری ڕۆمان و شیعر تێکەڵ بەیەکتر کراوە، یاخود لە شوێنێکی دیکەدا دیسانەوە گۆرانییەک تێکەڵ بە دەقەکە دەکات و دەڵێت: درایڤی مویوزیک شەش گیگە ئەو هەموە((تۆ وەکو سروەی بەیانانی بەهاری دەف دەف دەفدەدەف تۆ لە لەشما گیانی سوکی نادیاری دەف دەف دەفدەدەف. بێ دەنگی کە بێدەنگی کە کاکە ئەوە چییە؟ دەنگی دەزگاکان لەچکەسپی موبایل بەدەست بۆ میزێکی خەست. گرژ. وست."بۆ شەوی خۆشی و نەخۆشیم یادگاری ڕەمزی)) (گۆڕەشار: ١١٠_١١١). ئەم تەکنیکە وەکو کۆنسێپتێکی پاشنوێخوازی لەڕۆمان دا بە گرنگ دانراوە. ئەم شێوازە ناوەندبونی دەق تێکدەشکێنێت وەکو ئەوەی، کە جاک دێریدا لە تیۆری هەڵوەشاندنەوەگەرایدا باسی لێوە کردوە.

**_پەندی پێشینان:** ژانرێکی تایبەتە و تەکنیک و شێوازی تایبەتی خۆی هەیە، تەنانەت جیاوازە لە میتافۆڕ و قسەی نەستەق، لەڕۆمانی گۆڕەشاردا سود لەم ژانرە وەرگیراوە و پانتاییەکی فراوانی لە دەقی ڕۆمانەکەدا داگیرکردوە، ((**لە جێیەکی ئاو هەیە زەوی نییە، لەجێیەکی زەوی هەیە ئاونییە**))(گۆڕەشار: ٧٤). ڕۆمان وەکو ژانرێکی سەربەخۆ بەدورە لەو تەکنیکی تێکەڵکردنەی ژانرە جیاوازەکان، بەڵام لەسەردەمی ڕۆمانی پاشنوێخوازیدا تێکەڵ بە ڕۆمان کراوە، ئەمە پێی دەگوترێت لێکدانی توخمەکان، ئەم بنەمایەی پاشنوێخوازی لە تیۆرەکانی لیۆتاردا زۆر ئاماژەی بۆکراوە و بە گرنگ دادەنرێت. تەناتەت براوی وایە، کە پەندی پێشینان و ڕستەی کورت و میتافۆڕ، تەکنیکێکی جیاوازن و لە شوێنی جیاوازدا بیرۆکەی ڕۆمانی پاشنوێخوازی بەرەوپێش دەبەن، دەشتوانن بنەمایەکی تری وەکو (مینیماڵیزم) کامڵ بکەن، وەکو لە باسی مینیماڵیزمدا زیاتر ڕونی دەکەینەوە، چونکە پەندی پێشینان و قسەی نەستەق و کورت و میتافۆڕ و ئیدیەمەکان، وشە و ڕستە و دەربڕدراوی کورتن و واتا و مەبەستی قوڵ هەڵدەگرن، لە کەمینەخوازی(مینیماڵیزم)دا وەکو چەمکێکی پاشنوێخوازی پێویستی بەم کورتبڕییە هەیە، بۆیە لە ڕەخنەی پاشنوێخوازیشدا جەختی لەسەر کراوەتەوە.

## ٢_٤ _کەمینەخوازی (کەم گۆیی)(مینیماڵیزم).

کەمینەخوازی(مینیمالیزم)، سەرەتای دەرکەوتنی لە شەستەکانی سەدەی بیستەمەوە سەری هەڵداوە کاتێک کە وێنەکێشانی ئەمریکی و ڕوسی بە سادەترین شێوە وێنەکانیان پێشکەش دەکرد، بە مەبەستی ئەوەی بڵێن دەکرێت بە هێڵێک یان کەمترین ئامراز، زۆرترین بیر پێشکەش دەکەن، ئەمەش سیمایەکی دیاری پاش نوێخوازی بو، چونکە پاش نوێخوازەکان بەهەمو شێوەیەک درێژ دادڕییان دەکردەوە.

زاراوەی کەمینەخوازی(مینیماڵیزم) یەکەمجار بارنیت نیومەن(Barneet Newman ١٩٠٥_ ١٩٧٠) بەکاریهێناوە، ئەو ڕای وایە: ((ئەم زاراوەیە لە تیۆری مۆسیقاوە سەری هەڵداوە دواتر بۆ بەستێنەکانی تری هونەر گوێزراوەتەوە، بەڵام یەکەمین شوێنەوارەکانی کە لایەنی مینیماڵیزمیان تێدا بەدی کراوە هونەرە نیگارییەکان بون. کازمیر مالویچی روسی لە ساڵی ١٩١٣ز، شەقڵی سپی بەسەر سپیدا، کە چوارگۆشەیەکی سپی چکۆلە بو، لە بەستێنێکی سپیدا خولقاند، کە وەک

یەکەمین بەرهەمی مینیماڵیزم لە بەستێنی هونەرە نیگارییەکاندا، سەیری دەکەن))(صالح، ١٤٠٣: https://kurdishbookhouse.com).

لەو ڕۆمانانەی کە گێڕانەوەی نارێک بێت، بێگومان کەمینەخوازی(مینیماڵیزم) بەسەر فەزای دەقەکەدا زاڵ دەبێت، لەڕۆمانی گۆڕەشاردا بەهۆی ئەوەی گێڕانەوەیەکی نارێک تانوپۆی ڕۆمانەکەی داپۆشیوە، مینیماڵیزمیش شان بەشانی گێڕانەوەکە دەرکەوتوە. هەروەکو دەڵێت: ((**ئێستا قسە بڵێ قسە دێنێ،** ئێوە **چیتان لە ئەمریکا داوە**))(گۆڕەشار: ٨٥). لەنێو گفتوگۆیەکی درێژدا تەنها یەک دێری هێناوە و بە کورتی باسی لە ئەمریکا کردوە و نەیویستوە زیاتر لەسەری بڕوات و ڕونکردنەوەی زیاتر بدات. بەو شێوەیەی، کە (بارنیت نیومەن) تیۆردانەری ڕەخنەی پاشنوێخوازی لە باسی (مینیماڵیزم)دا باسی کردوە.

یاخود لەنێو گفتوگۆیەکی دیکەدا هاتوە((خودا بۆ خۆی دەفەرموێ، بیستومە بەڵام لە بیرم نەماوە. ئازاد نوێژەکانت بکە، لەسەر من واجبە))(گۆڕەشار: ١٠١). لێرەدا نوسەر نەیویستوە زیاتر ڕونکردنەوە بدات، ئەگەرنا دەبو ئایەتەکەی بهێنابا و دواتر باسی سود و زیانەکانی نوێژکردنی بکردایە، بەڵام ئەمەی نەکردوە. ئەمە لە ڕۆمانی پاشنوێخوازیدا دەخرێتە چوارچێوەی مینیماڵیزمەوە، بەپێی تیۆری هەڵوەشاندنەوەخوازی ئەو وەسفە زۆرانەی لە ڕۆمانی نوێخوازیدا هەبوە هەڵوەشێنراوەتەوە و بەپێویست نەزانراوە، هەروەکو دێریدا لە تیۆرەکەی خۆیدا ئاماژەی بۆکردوە.

مینیماڵیزم لە زۆر باردا لە ڕێگەی یاری زمانی و بەکارهێنانی خوازە و میتافۆرەوە دروست دەبێت، بەشێوەیەک، کە میتافۆرەکان دەستەواژەی کورتن و واتای قوڵ لەپشت بەکارهێنانیانەوە هەیە، نوسەریش نایەوێت زۆر وەسفی بابەتێک یان ڕوداوێک، یان کەسایەتییەک بکات لەڕێگەی میتافۆرێکەوە لە کورتیدا دەیبڕێتەوە، ئەم شێوازە لە ڕۆمانی گۆڕەشاردا زۆر بەکارهێنراوە. وەکو ((لەگەڵ تڕ بزن بەشەڕ دێ)) (گۆڕەشار: ٦٨)، لێرە دا نوسەر نایەوێت زۆر وەسفی کەسەکە باکات و ڕونکردنەوەی زیاتر بدات و بڵێت کەسایەتیەکی وایە و شەڕانگێزە و.... هتد تەنها بە میتافۆرێک بابەتەکەی براندوەتەوە: ((چاوحیز وەک خۆی نییە))(گۆڕەشار: ٧٣)، کاتێک باس لە کەسایەتی خاڵە غەفور دەکات، نایەوێت سەرجەمی ئەو کارانەی کە خاڵە غەفور لە گەڵ ئافرەتاندا کردونی باسی بکات بۆیە لە ڕێگەی یەک دەستەواژەوە واتاکەی دەگەیەنێت و لە کورتیدا دەیبڕێتەوە، ((کەر بازارە))(گۆڕەشار: ١٢٨). کاتێک دەستەواژەیەکی لەم شێوەیە بەدی دەکەین، ڕاستەوخۆ ئەوە بە بیرماندا دێت، بازاڕێکی تەواو تێکچڕژا و نالەبارە، ئیدی نوسەر بەشداری بەخوێنەر کردوە لە داڕشتنەوەی ڕوداوەکاندا، ئەم شێوازە زۆر جێگەی بایەخی ڕۆمانی پاشنوێخوازی و توێردانەرانی بوە، بۆیە جاک دێریدا لە هەڵوەشاندنەوە خوازییەکەیدا، ڕونی کردوەتەوە و بڕوای وایە، کە نابێت بەدوای تاک واتای ڕوداوەکان و شتەکاندا بڕۆین. بۆئەوەی واتای نوێ لەدەق بەدەست بهێنین.

**٢_٥ _دەقئاوێزان.(intertextual)**

پەیوەندی نێوان دەقی کۆن و نوێ پەیوەندیی لە مێژینەی هەبوە، بەڵام بەر لە سەدەی بیستەم گرنگی بەم بابەتە نەدراوە. بۆیە لەسەرەتای ئەم سەدەیەدا جولیا کریستڤا(١٩٤١_ ....) تیۆری دانەری بونیادگەریی فەرەنسیی لە بابەتی پەیوەست بە پاشنوێخوازیدا زاراوەی بابەتی دەقئاوێزانی خستەڕو، ئەو پێیوایە: ((واتای هەر دەقێکی ئەدەبی وابەستە و لە پەیوەنییدایە لەگەڵ مێژو و نەریتی ئەدەبیات و دەقی ئەدەبی و نائەدەبییەکاندا، ئەگەر ئەو دەقە لە دەوروبەر و کۆنتێکسدا شێوەی گرتبێت. بەواتایەکی تر دەقە تازەکان لەسەر پایەی دەقەکانی پێشو شێوە دەگرن و دەقە کۆنەکان خۆیان لە ئاوینەی دەقە نوێکاندا دەبیننەوە))(سخنور و سبزیان مرادابادی، 1387: 143).

دەقئاوێزان وەرگێرانی زاراوەی فەرەنسی(Intertexte) ، کە لە ڕوی زاراوەوە بەواتای ((چنین و ئاوێتەکردن و لە ڕوی چەمکەوە بەواتای ئاڵوگۆڕ و پەیوەست بون دێت))(غذامی، 1998: 325). ئەم زاراوەیە لە بواری ڕەخنە و ئەدەبدا (( باس لەوە دەکات، کە دەقەکان بەناو یەکتردا دەچن، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کار لەیەکتر دەکەن))(بەرزنجی، ٢٠٢٤: ١٩٣). ئەم شێوازە لە زۆر دەقدا بەرچاودەکەوێت، بەڵام بەهێزیی و زۆری و کەمی لە دەقێکەوە بۆ دەقێکی تر جیاوازە. ئەم ئامادەییەی دەقئاوێزان لە هەندێك دەقدا بە ئەندازەیەکە، کە بەبێ دەقئاوێزان دەقەکە یەك پارچەیی و ئینسجامی خۆی لەدەست دەدات و هەندێجاریش هەڵدەوەشێتەوە. ڕۆڵی دەقئاوێزان کاتێك دەردەکەوێت، کە دەقی نوێ بە گەڕانەوە بۆ دەقی پێش خۆی واتا پەیدا دەکات و واتای حەقیقی لە زیهنی خوێنەردا دەچەسپێنێت.

ڕۆلان بارت(١٩١٥_١٩٨٠)، ڕای وایە: ((دەق جیۆلۆجیای کۆمەڵێک نوسینە، واتا ئەگەر بێت و وەک جیۆلۆجییەک لە دەقێکدا کاری خۆمان بکەین و بچینە کون و قوژبن و قوڵاییەکانییەوە و توێژ لەسەر توێژی هەڵبدەینەوە، ئەوا دەبینین ئەو دەقە چ دەقێکی تری دروست کردوە، یان با بڵێین چ دەقێکە سەرلەنوێ نوسراوەتەوە))(بەرزنجی،٢٠٢٤: ١٩٥).

جێرارد جێنێت(١٩٣٠_ ٢٠١٨) دەقئاوێزان بە ئامادەیی هاوکاتی دو دەق و بونی دەقێك لەناو دەقێکی تردا دادەنێت. کەواتە بەپێی ئەو قسانە بێت هیچ دەقێکی سەربەخۆ بونی نییە، چونکە هەر دەقێك پێکهاتوە لە کۆمەڵە وشە و دەربڕاوێك بەدرێژایی مێژو دەستاودەست گوازراوەتەوە(حمود،1990: 297).

ڕۆلان بارت بە خستنەڕوی تیۆری (مەرگی نوسەر) ڕێگای بۆ پەیوەندی دەقئاوێزانی نوسراوەکان فەراهەمکرد، چونکە بە ئامادەبونی نوسەر لە ڕاڤەی دەقدا، دەگەین بە جۆرێك لە ڕاڤەی (تاك چەمکیی)، بەڵام بە سڕینەوەی نوسەر ئەو هەلە دەداتە خوێنەر، دەقەکە بەراورد بکات بەو دەقە بێ ئەندازانەی، کە خاڵی هاوبەشیان هەیە، بارت باوەڕی وایە پەیوەندیی دەقئاوێزانیی یان (تەلمیحی)، پێویستی بە باسکردنی سەرچاوە نییە، بەواتایەکی تر دەق پێکهاتوە لە هێنانەوەی وتەگەلی کەسانی تر بەشێوەیەك، کە هیچ نیشانەیەك بۆ دۆزینەوەی سەرچاوەکانی لەناو دەقەکاندا نەهێنرابێتەوە. (حمود،1990: 297).

بەپێی ئەم تیۆرەی ڕۆلان بارت، لە گۆڕەشار دا چەندین دەقی جیاواز دەبینین، کە نوسەر ئاوێزانی دەقەکەی کردوە، هەر بەپێی هەمان تیۆر، لە هیچ شوێنێکی ڕۆمانەکە دا سەرچاوەیەک نەهاتوە بۆ ڕونکردنەوەی دەقە وەرگیراوەکە، بەڵکو ڕێگەی بەخوێنەر داوە تاوەکو خۆی بەدوای نوسەری دەقە وەرگیراوەکەدا بگەڕێت، هەروەکو لە ڕۆمانەکەدا هاتوە ((پایز پایز کە تۆ هاتی هەوارگەی دڵ پڕ گریانە، بارانی تۆ گریانی من گەڵاڕێزانە)) (گورەشار: ٩). وەکو دەردەکەوێت نوسەر سودی لەم دێڕە هۆنراوەیە وەرگرتوە و لە بونیادی ڕۆمانەکەدا بەکاریهێناوە.

لە چەند شوێنێکی تردا نوسەر سودی لە دەقە شیعرێکی (سوهراب) وەرگرتوە وەکو دەردەکەوێت ((سۆهراب دەفەرموێ کاتێک چاوەکانمان وانێکە شوشتەوە جیهان جوان دەبێ لە پێش چاوی ئێمە))(گۆڕەشار: ٦٩). لێرەدا ئەگەرچی ناوی نوسەری هۆنراوەکەی هێناوە، بەڵام سەرچاوە و زانیاری لەسەر دەقەکە و نوسەرەکەی نەداوە و بۆ خوێنەری بەجێهێشتوە، ئەم کارە تەکنیکێکی دیاری پاشنوێخوازییە، هەروەکو بارت ئاماژەی بۆ کردوە.

دەقی ئاینی: ئایەت و بیرۆکە ئاینییەکان لە چەندین شوێنی ڕۆمانەکە دا ئامادەیی هەیە، لە هەندێک شوێندا وەکو ڕەخنەی ئایرۆنی و تەنز مامەڵەی لەگەڵدا کراوە و لە هەندێکی دیکەش دا وەکو بیروباوەڕ و کلتوری کوردی گێڕدراوەتەوە، بەشێوەک ئایرۆنی بۆ خۆی جۆرێکە لە تایبەتمەندی ڕەخنەی پاشنوێخوازی، لە هەمانکاتدا دەکرێت وەکو کەمینەخوازی

(مینیماڵیزم) مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، بەڵام لەبەرئەوەی زیاتر دەخرێتە چوارچێوەی بیرۆکەیەک، کە شێوەی گوتارێک دەنوێنێت، بۆیە وەکو دەقئاوێزان مامەڵەی لەگەڵ دا دەکەین. نوسەر کەڵکی لە دەقی فەرمودە و قورئانی پیرۆز وەرگرتوە و لە بونیادی ڕۆمانەکەدا بەکاریهێناوە، وەکو دەڵێت: ((ئازاد گیان خۆشەویستی خودا ﷲ دەفەرموێ ڕوناکی چاوی من لە نوێژ دایە))(گۆڕەشار: ١٠٥). نوسەر سودی لەم فەرمودەیە وەرگرتوە و لە تەکنیکی دەقئاوێزان دا بەکاریهێناوە، وەکو بنەمایەکی پاشنوێخوازی. هەروەها دەڵێت: ((خوای گەورە نەحلەتی کردوە لە خاڵکوت.))(گۆڕەشار: ١٠٧)، لێرەدا وەکو کەمینەخوازی(مینیماڵیزم) هەربەکورتی باسی ئەو ئایەتەی کردوە و درێژدادڕی تێدا نەکردوە و لە کورتی براندنیەوە، لەلایەکی دیکەشەوە سودی لە دەقێکی قورئان وەرگرتوە و بەکاری هێناوە، ئەم شێوازە لە لای زۆر تیۆردانەری پاشنێخوازی جێگەی بایەخ بوە، بارنت و جولیاکرستوا و باختین، زۆر جەختیان لەگرنگی ئەم شێوازە کردوەتەوە، بەپێی تیۆری هەڵوەشاندنەوەی جاک دێریدا تێکشکاندنی پلۆتەکانی ڕۆمانە و خوێندنەوە و واتای جیاواز بەدوای خۆیدا دەهێنێت.

## ٦ _بەدگومانی (پارانویا).

بەدگومانی لە ئەنجامی ترسێکی بێ هۆکارەوە سەرهەڵدەدات، بۆیە ((کەسایەتییە سەرەکییەکانی ڕۆمانی پاشنوێخوازی بە زۆری هەمان هەستی ئازار و ڕەنجیان هەیە. تۆنی تانەر، tony tanner (1932_٢٠٢٠) لە کتێبی (شاری وشەکان) لە ساڵی (1971) بەم شێوەیە وەسفی کردون: ((ئەو نیگەرانیی و پەرێشانیەی، کە کەسێکی تر مۆدێل و شێوەی ژیانی ئێمە دەستنیشان دەکات. چەندین پلان و تەڵەی لە پشت پەردەوە بۆ ڕێگریی کردن لە سەربەخۆیی ئەندێشە و کار و کردەوەمان دارشتوە))(نعیمی،١٣٩٠: ٤١)، گێڕانەوە پاشنوێخوازییەکان بە شێوەی جیاواز ڕەنگدانەوەی نیگەرانیی و دڵەڕاوکێ پارانۆیاییین. هەندێك لەو نیگەرانیانە بریتیین لە: بەدگومانی بە جێگیریی و بەردەوامی (پەیوەندیی مرۆڤەکان) سنورداربون بە هەر جۆرە شوێن یان ناسنامەیەکی تایبەت، باوەڕ بەوەی، کە کۆمەڵگا بە شوێن ئازاردانی تاکەوەیە، توند بونی پیلان و بەرنامەڕێژی تاك بۆ ڕوبەڕو بونەوەی پلانەکانی دواتر))(پاینده، ١٣٨٣: ١٣٩). مەرج نییە ئەم ترسە لە ڕاستیدا بونی هەبێت، بەڵکو دەکرێت ((لە ئەنجامی دڵەڕاوکێ و ترسێکی لەخۆوە بێت و کارەکتەر بۆ خۆی لە ڕێگەی وەهمەوە دروستی کردبێت. بەپێی تیۆرەکانی (تۆنی تانەر)، کە لە کتێبی (شاری وشەکان)دا خستویەتییە ڕو))(نعیمی،١٣٩٠: ٤١)، ڕۆمانی گۆڕەشار ئەم بنەمایەی بە شێوەیەکی بەرفراوان بەکارهێناوە، تەنانەت سەرتاپای ڕۆمانەکە ترس و دڵەڕاوکێیە، ترس لە قوتابخانە، ئاین، ژیان و بون، شوێن و زانست و تەکنەلۆژیا.

لەڕۆمانی گۆڕەشاردا، (ئازاد)، کارەکتەری سەرەکی بەبێ هۆکار و ئەزمونی شتەکانی دەوروبەری لە خۆڕا دەترسیت، ئەم ترسە وای لێکردوە بەردەوام لە خەیاڵ و وەهمدا بژیت، تەنانەت وایکردوە حەز بەمردن و لەناوچونی خۆی بکات، بەردەوام وەهمێک بۆخۆی دروست دەکات و خۆی پێوە سەرقاڵ دەکات، بەتایبەت ترس لە قوتابخانە و زانست و سیاسەت، شتێکی ڕەش، لە چەندین شوێنی ڕۆمانەکەدا دوبارە دەبنەوە. هەر وەکو دەردەکەوێت (( سێبەرە ڕەشەکە بۆم هات هات بۆم هات دەزانم سەرم پان دەکاتەوە ئەو گا قورسە شاخدارە سەرم هەڵدەکەنێ ئەو پشیلە ڕەشە سێبەرەکەی بەدوامەوەیە هەر دەیەموێ گازێ لەدەستم بگرێ ئەو گورگە ڕەشە دەستم دەشارمەوە بۆم ناشاردرێتەوە دەستم چی لێ بکەم وەی سەرم زمانم دەستم چەندە گەورە بوەتەوە))(گۆڕەشار: ٤٧_٤٨). وەکو دەردەکەوێت کۆمەڵێک وەهمی بۆ خۆی دروست کردوە و کە شیچ شتێکیش لە ئارادانییە، بەڵکو ئەو شێوازی ژیانکردنەی کارەکتەری

سەرەکی تێیدا دەژیت وایکردوە هەمو شتەکان بە خراپ و نەرێنی بهێتە پێش چاوی، ئەمە ئەو شێوازەیە، پاشنوێخوازەکان لەنێو ڕۆمانی پاشنوێخوازیدا باسیان لێوەکردوە.

بە بەردەوامی لەنێو ڕۆمانەکەدا ترس لە زانست دەبینرێت و کارەکتەری سەرەکی ڕەخنەی توندی لێدەگرێت. وەکو هاتوە: (( ئەو هیپارینەی زۆر تێکە با خوێنەکەم فیچقە بکا و هەر ڕانەوەستێ دەنا هەر تێی مەکە با خوێنەکەم هەر بیبەستێ نەجاتم بێ ئەوە چیيە منت پێ بەستۆتەوە عیلم دەبێ بەشەر ڕزگار بکا یان کەس نازانێ بە دەزگا چیلێبکا))(گۆڕەشار: ٥٤). زانست بەئاستێک گەیشتوە خزمەت بە مرۆڤایەتی دەکات، بەڵام لێرەدا شێوازی بەکارهێنانەکەی بەدیدی کارەکتەری سەرەکی ڕزگارکەر نییە و بەڵکو بکوژ و خراپە، ئەمە ئەو بەدگومانییەیە کە پاشنوێخوازەکان باشی لێوەدەکەن.

ترس لە ڕۆژگار لەنێو دەقی ڕۆمانەکە دا بە ئاشکرا بەدی دەکرێت، ئازاد لە هەمو شتێک دەترسێت، بەبێ ئەوەی ئەم ترسە بونێکی ڕاستەقینەی هەبێت، بگرە لە وەهمێک زیاتر هیچی دیکە نییە، وەکو هاتوە: ((کچێ وەڵڵا ئازاد هێندە ترسنۆکە دەبێ لە سێبەرەکەی خۆی ترسابێ، وا بە سپایی و بێ هەست و خوست دێ و دەچێ منیش خۆف چوەتە دڵم ناسر. ئەو سێبەرە هەمیشە بە دوامەوەیە ماریا تەنانەت ئێستاش. کورە ڕۆڵە تۆ بۆ وا ترسەنۆکی؟ ماریا ئاغام بۆ خۆی دەیگوت کەوتوینە ڕۆژگارێکەوە دەبێ لە سێبەرەکەی خۆشت بترسیت))(گۆڕەشار: ٧١). ئەم هەستکردنە بە ترس، جۆرێکە لە پارانۆیا، چونکە ناکرێت مرۆڤ هێندە ترسنۆک بێت بەبێ ئەوەی هیچ شتێک لە گۆڕێدابێت، بەڵکو بەهۆی باری دەرونییەوە کارەکتەری سەرەکی بۆ خۆی دروستی کردوە، و وا دەزانێت ژیان تەڵە و فێڵی بۆ داناوە، ئەم شێوازە تەکنیکە کانی نوێخوازی ئاوەژو دەکاتەوە و هەڵیدەوەشێنێتەوە لەڕوانگەی تیۆری هەڵوەشاندنەوەخوازی دێریداوە.

## ئەنجام

لەکۆتایدا گەیشتوین بە چەند ئەنجامێک لە گرنگترینیان ئەمانەن:

١ ڕۆمانی پاشنوێخوازی کۆمەڵێکتەکنیکی دیاریکراوی هەیە، کە جیای دەکاتەوە لە ڕۆمانی کلاسیکی و تەنانەت نوێخوازی، ئەم تەکنیکانە دەبنە هۆکاری هەڵوەشانەوەی تەکنیکەکانی ڕۆمانی نوێخوازی و داهێنانی تەکنیکی نوێی ڕۆمان، ئەمەش بەپێی تیۆرە ڕەخنەییەکانی پاشنوێخوازی بێ هۆکارنین.

٢ ڕۆمانی (گۆڕەشار)، یەکێکە لە ڕۆمانە پاشنوێخوازەکانی کوردی، کە توانراوە بەشێکی زۆر لە تەکنیکەکانی پاشنوێخوازی لەڕۆمانەکەدا بەرجەستە بکرێت، وەک (گێڕانەوە لەناو گێڕانەوە، تێکەڵکردنی ژانرەکان، گێڕانەوەی نارێک، تێکشکاندنی ناوەندێتی، کەمینەخوازی، بەدگومانی).

٣ _بنەمای گێڕانەوەی نارێک، بە پلەی یەکەم دێت لە بەکارهێنانی لەناو ڕۆمانەکەدا.

٤_ بەدگومانی(پارانویا) لەپاش گێڕانەوەی نارێک زۆر بە بەرفراوانی بەکارهێنراوە لە ناو ڕۆمانەکە دا بەشێوەیەکی بەرفراوان دەقی جیاواز و ژانری جیاواز لە نوسینی ڕۆمانەکەدا بەکارهێنراوە.

## سەرچاوەکان

بەرزنجی، عەلی تاهیر و عەبدوڵڵا تاهیر(٢٠٢٤)، کلیلدان فەرهەنگی ئەدەب و ڕەخنە، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.

خلیل، ئیبراهیم محمود (2017)، ڕەخنەی ئەدەبی نوێ لە لاسایکردنەوەوە بۆ هەڵوەشاندنەوەگەرایی، وەرگێڕان: محەمەد تاتانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ.
چارلس، هێنری و ئەشلی، ود وارد(٢٠١١)، ئاشنابون بە لیوتار(پاسەوانی فەلسەفە و بانگخوازی پۆستمۆدێرنە، وەرگێرانی: ماجد خەلیل، چاپی یەکەم، چاپخانەی دلێر، سلێمانی.
مەنتک، حەمە(٢٠٢٤)، فەرهەنگی گێڕانەوەناسی، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی سەردەم.
هیدایەتی، سەیدقادر(٢٠٢٤)، گۆرەشار، چاپی دوەم، ناوەندی خانی، سەقز.
ئەمین، نەبەز کەریم(٢٠١٤)، سیماکانی پۆستمۆدێرنیزم لە ڕۆمانی هاوچەرخی کوردیدا بەنمونەی (دقەکانی باڵندەکانی دەم با، کەناڵی مەیمونە چەکدارەکان، تیتروسک)، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی پەروەردە.
وسو، دڵدار عدو(٢٠٢٢) دەرکەوتەکانی پۆستمۆدێرنیزم لە ڕۆمانەکانی (فەرهاد پیرباڵ)دا، نامەی ماستەر، زانکۆی سۆران، فاکەڵتی پەروەردە.
ڕەئوف، لوقمان(٢٠١٥)پۆست مۆدێرنە، چەمک و مێژو، گۆڤاری ئایدیا، ساڵی یازدەیەم، ژمارە(٥٢_٥٣).
صالح، دیمەن عبدالله (١٤٠٣)، تیمە و تەکنیکەکانی ڕۆمانی پۆستمۆدێرن ڕۆمانی(ئەلف یای)ڕەزا عەلی پور بەنمونە، ماڵی کتێبی کوردی، فروردین ١٧، ٣، ١٤٠٣، https://kurdishbookhouse.com
البحیری، د. أسامة محمد(٢٠١٩)، الحداثة وما بعد الحداثة فی الروایة العربیة المعاصرة، الطبعة الأولی، دار النابغة للنشر و التوزیع.
حمد، محمد(٢٠١١)، المیتاقص فی الروایة العربیة، ط١، اکادیمیة القاسمی، مجمع القاسمی للغة العربیة ه أدابها.
حمود، ماجده(١٩٩٠)، نقاد فلسطینیون في الشتات، مؤسسة عیبال للدراسات و النشر، دمشق.
غیتری، کریمه(٢٠١٦)، تداخل الانواع الأدبیة فی الروایة العربیة المعاصر، قراءة فی نماذج، اشراف: محمد بلقاسم، کلیه الأداب و اللغات، الجزائر
مالباس، سیمون(٢٠١٢)، ما بعد الحداثة، ترجمة باسل المسالمه، ط١، دار التکوین للتالیف و الترجمة والنشر، دمشق.
هاو، الن(٢٠١٠)، النظریة النقدیة مدرستة فرانکفورت، ترجمة: ثائر دیب، الطبعة الألی، دار العین للنشر، الأسکندریة، مصر.
غذامی، عبدالله(١٩٩٨)، الخطیئة و التفکیر. الطبع الاول، الهیئة المصریة العامة للکتاب، القاهیره.
منال بن قسمیة،(٢٠١٧)، المناهج النقدیة الادبیة، الرسالة الماجستیر، جامعة محمد بوضیاف . المسیلة، 2016 . 2017.
بیات، عبدالرسول و دیگران(١٣٨٦)، فرهنگ واژەها، چاپ سوم، قم، مؤسسه اندیشه و فرهنگ دینی.
پاینده، حسین(١٣٨٣)، مدرنیسم و پستمدرنیسم در رمان، چاپ اول، نشر روزگار، تهران.
داد، سیما(١٣٨٢)، فرهنگ اصطلاحات ادبی، مروارید، تهران.
رایبنسون، دیو(١٣٩٨)، نیچه و پست مدرنیسم، چاپ دوم، ترجمه: محمود مقدس، انتشارات مهرگان خرد، تهران.
لاج، دیوید(١٣٨٩)، نظریەهای رمان رئالیسم تا پست مدرنیسم، ترجمه: حسین پاینده، چاپ دوم، نیلوفر، تهران.
مقدادی، بهرام(١٣٨٧)، فرهنگ اصطلاحات نقد ادبی (از افلاطون تاعصر حاضر)، فکر روز، تهران.
نجومیان، امیر علی(١٣٨٥)، در آمدی بر پست مدرنیسم، چاپ اول، نشر رسش، اهواز.

نوزری، حسینعلی(۱۳۸۰)، مدرنیته و مدرزیزم، مجموعه مقالات در سیاست،فرهنگ و نظریه‌ی اجتماعی، نشر مرکز، تهران.
ش، اسکات(۱۳۸۳)، جامعه شناسی پست مدرنیسم، ترجمه‌ی: شاپور بهیان، چاپ اول، انتشارات ققنوس، تهران.
محمدی نسب، سمیه(۱۳۹۳)،بررسی و تبیین مؤلفه های شعر پست مدرنیسم در اشعار رضا براهنی، علی باباچاهی و یدالل رویایی، پایان نامه‌ی کارشناسی ارشد رشته‌ی زبان و ادبیات فارسی، گروه‌ی زبان و ادبیات فارسی، دانشکده‌ی ادبیات و علوم انسانی، دانشگاه ولی عصر رفسنجان.
نعیمی، شیرزاد(۱۳۹۰)، ویژگی های پیس مدرن در آثار حسین سناپور، رساله دکترا، گروه زبان و ادبیات فارس، دانشکده ادبیات، دانشگاه کردستان.
اضغری، محمد(۱۳۸۷)، پست مدرنیسم در متن ادبی کولاج، مجله زبان و ادبیات عربی، شماره ۷، سال ٤.
افرین، فریده(۱۳۸۹)، بررسی ویژگی های ادبیات و سینمای پستمدرن، فصلنامه ماه نو، شماره١٤٩.
طاهری، قدرت الله(۱۳۸٤)، پست مدرنیسم و شعر معاصر ایران، فصل نامه پژوهش های ادبی، شماره(۸)، تابستان.
مرزوعی، خسرو ومفرد، مهدی کمال غریبی (۱۳۹۳)، پست مدرنیسم و جهانی شدن فرهنگ با تاکید بر دیدگاه انتقادی ژان فرانسوا لیوتار، فصل نامه مطالعات سیاسی، سال (۷)، شماره (٢٦) زمستان.
هاجری، حسین(۱۳۸٤)،انعکاس اندیشه‌های پست مدرن در ادبیات داستانی معاصر ایران، مجموعه مقالات (ما و پست مدرنیسم)، پژوهشگاه علوم انشانی و مطالعات فرهنگی.
شهریار زرشناس(۱۳۸۲)، در امدی بر بنیانهای فلسفی ساختارگرایی و ساختارشکنی در نقد ادبی، مجله ادبیات داستانی، شماره(٦٨).
رویل، نیکلاس(۱۳۹۳)، واسازی چیست؟ ترجمة: بامداد امینایی، مهنامه گلستان، شماره(۱۳۲)، مرداد.
کامران پارسی نژاد(۱۳۸۲)، ساختارگرایی و ساختارشکنی، مجله(ادبیات داستانی)، شماره(٦٩)، خرداد.
دش ارژنه، محمود رضایی(۱۳۹۲)، نقد و بررسی داستان فرود سیاوش براساس رویکرد ساختارشکنی، مجله شعر پژوهشی(بوستان ادب)، دانشگاه شیراز، سال پنجم(شماره دوم)، تابستان.
و، پترشیا(۱۳۹۰)، فراداستانی، ترجمه شهریار وقفی پور، تهران، چشمه.
Habermas, jurgen(1983), Modernity An incomplete Poject In Hal Fostered. The essay on: Postmodern culture. Washnington, Bay press. Anti – Aestetic.
Hassan, Ihab(1987), The Postmodern Turn; Essays in Postmodern Theory and Culture, Ohio State University Press.
John peck & Martin Coyle(2007), Literary Terms and Criticism: Third Edition,Tehran